# هەڵسەنگاندنی هونەریی حەسەن زیرەک: عادل محەمەد کەریم

سەرەتا دەستخۆشیم بۆ ئەو برا ئەزیزانەم کە سەرقاڵی ئەم پرۆژە بێ وێنەیەن لەسەر هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان حەسەن زیرەک. سوپاسی بێ پایانیشم بۆ مامۆستای خۆشەویست ماندونەناس سەلاح ڕەوف کە منی هەڵبژارد بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە. هیوادارم وەڵامەکان کەمێک لە ئاست گەورەیی حەسەن زیرەکدا بن.

عادل محەمەد کەریم

عادل محەمەد کەریم خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی مۆسیقا، کۆلیجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، خاوەنی کتێبی ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک.

**پ١/دۆخی قورگ شێوازی دەنگی زیرە؟**

و: عادل محەمەد کەریم:

- حەسەن زیرەك دەنگی پاك و خۆشە، هێز و زیندوێتی تیایە، لە چڕینی گۆرانیدا شارەزا و کارامەیە (مۆدی)یە.

-بۆ گۆرانیبێژی سەرکەوتوو هەندێك ڕەگەز یان توخم هەن کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو سیمایانە لە توانا و دەنگ و سەدای حەسەن زیرەکدا هەن، لەوانە:

یەکەم شتی گرنگ دەنگخۆشییە. ئەمە ڕەگەزێکە کە لە دەنگی حەسەن زیرەکدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت. واتە جەرەسی دەنگی هەست و سۆزێکی تیایە و دەنگی لە سروشتەوە و لە لایەنی فیزیۆلۆجییەوە دەنگە ژێکانی قورگی ساز و ئامادەن بۆ چڕینی گۆرانی و هەروەها دەنگی قەبەیی و هێزێکی زیندووی جوانی تیادایە.

دووەم شتی گرنگ چۆنێتی وتن و چڕین یاخود دەربڕین (الاداء)ی گۆرانییە. ئەم دوانە وەك دوو توخمی بنەڕەتی لە حەسەن زیرەکدا هەیە. هەندێك گۆرانیبێژ هەن یەکێك لەم دوو توخمەیان تیادا نییە. بۆیە هەست دەکەین ئەمانە گۆرانییەکانیان تەواو ناچنە لای گوێگر، چونکە هەست بە لەنگییەك دەکەین لە کارەکانیاندا.

**پ٢/ چەشنایەتی دەنگ (تێنۆر، یا ...؟)**

و: عادل محەمەد کەریم:

لە هەر چینێکدا گۆرانیی وتبێت، ئەوپەڕی توانا و تەکنیکی خۆی تیادا بەرجەستە کردووە، بە تایبەت لە چینی گڕدا(Bass) ، کە ئەمە بە دەگمەن لە گۆرانیبێژانی تردا دەبینرێت.ماوەی دەنگی فراوان بووە و لێهاتوانە یاریی بە چینەکانی دەنگی کردووە بۆ نمونە لە چینی تینۆر یان خوار تینۆر هەندێ جار خۆی لەباسیش داوە بەگشتی دەتوانین بڵێین بەگشتی لەچینی تینۆرو باریتۆندا گۆرانی چڕیوە.

**پ٣/ ڕادەی توانای دەنگەکەی (ڕادەی سەرکەوتوویەکەی لەو بوارەدا)**

و: عادل محەمەد کەریم:

توانای دەنگی و هەستیاری گوێی موزیکی حەسەن زیرەک ئەوەندە پەرجۆیە لەهەر شوێنێک لەگەڵ هەر گروپێکدا چریکاندبێتی داهێنانی خۆی کردووە ،هەمو داهێنانێکیش دیارە سەرنجی بەرامبەر ڕادەکێشێت، کەواتە بۆ گۆرانیبێژێکی وەک حەسەن زیرەک موزیک هەبوبێت یان نا ئەو کاری خۆی کردووەو هەمو گۆرانییەکانی بەهەر جۆرێک بوبێت پێگەی خۆی گرتووەو جێگەی هەڵوێستەی ئەکادیمستانی بواری موزیکی کوردین بۆ ئێستاشو بۆ داهاتووش.

**پ/٤ توانای گوتنی گۆرانیی بێ مۆسیقای تا چ ڕادەیەک بووە؟**
و: عادل محەمەد کەریم:
سیمایەکی تری حەسەن زیرەك ئەوەیە کە دەنگی لەگەڵ هەموو ئەو گرووپ و کۆڕانەدا کە بەشداریی لەگەڵ کردوون، گونجاندووە، واتە لەگەڵ (ڕادیۆکان هەر لە ڕادیۆی کوردیی بەغداد و کەرکوك و ڕادیۆی تاران و ڕادیۆی کرماشان، یان دانیشتنەکانی مەجلیسی و کارەکانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی یاخود بە تەنهاش) گۆرانیی چڕیوە و کاری خۆی کردووە. بە دەگمەن دەبینین هەڵەیەك بکات یاخود لە ڕیتم دەربچێت یان نەشازێك بکات.

**پ ٥/ ڕادەی ناسیاو بوونی لە مەقاماتی مۆسیقا یان دەزگا مۆسیقاییەکان؟**
و: عادل محەمەد کەریم:
حەسەن پەروەردەی سروشتی کوردستانە و هەڵیەنجراوی هیچ ناوەندێکی هونەری مەعریفی دەرەکی نییە، بۆیە تاکە مامۆستای ئەو تەنها بلیمەتی و بەهرەمەندی ودابو نەریتی کوردەواری و سروشتی کوردستان و گەرانەکانی بووەو تاڵیو چەرمەسەری ناخۆشییو خۆشییەکانی ژیان هەوێنی لەدایکبونی کارەکانێتی. لەبەر ئەوە ئەم کاریگەری لەسەر گۆرانیبێژان و تا ڕادەیەک هونەری گەلانی دراوسێ هەبووە. نەک کاریگەری ئەوان لەسەر ئەم. کاتێ لە ڕادیۆی بەغدادو تارانیش ئەگەر ژەنیارەکان بە مۆرکێکی عەرەبی یان فارسی کاری ژەندنیان بۆ کردبێت ئەوە کاتێ کە دێتە سەر دەنگی ئەم هەست بەو مۆرکە نامۆیانە ناکەیت. کەواتە ئەگەر دەزگایەکی عەرەبی یان فارسیشی بەکارهێنابێت ئەم مۆرکە کوردییەکەی و کەسێتییەکەی خۆی زاڵ کردووە. لەبەر ئەوە نەیهێشتووە کاریگەری بێگانەی بەسەرەوە بێت.

**پ٦/ ئایا:**

- **لە ماوەی ژیانی هونەریی خۆیدا لە سەر ڕادیۆ بەغدا،**
- **لە ڕادیۆی تاران و کرماشان،**

**لە دەرەوەی ڕادیۆ فەرمییەکان،**
**زیاتر هۆگری مەقاماتی عوسمانی بووە، یان بەلای دەزگاکانی مۆسیقای ئێرانیدا شکاندۆتەوە؟**
و: عادل محەمەد کەریم:
بە پێی ئەو توێژینەوەی بەندە ئەنجامی داوە لەسەر گۆرانییە مەجلیسییەکانی شاری سلێمانی لە کۆی (٦٧) گۆرانی دەرکەوت کە: پەیژەی (بەیات وسێگاه) لە پێکهاتی بەستەی ئاوازەکانی حەسەن زیرەکدا بە زۆرترین ڕێژە هاتووە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حەسەن پارچەیەکی دانەبڕاو بووە لە کولتووری باوی نەتەوەکەی، چونکە ئەم ڕەگەزانە ئەوانەن کە زیاتر پێکهاتی گۆرانیی فۆلکلۆری میللی و باو و بڵاوەکانی نێو کۆمەڵی کوردەوارییان لەسەر بونیاد نراوە، واتە ئەو ڕەگەزانەن کە گوێگری کورد پێیان ئاشنایە. ئەمەش مەسجێکی خێرایە بۆ زووگەیشتنی گۆرانییەکانی حەسەن بە گوێگران، بۆیە بە گشتی کارەکانی بە گوێی تاکی کورد نامۆ نییە و زوو دەگاتە گوێگران.
پەیژەی ئاوازی بەستەی گۆرانییەکانی لەسەر ئەم پەیژانەیە:
یەکەم: (بەیات) بە ڕێژەیەکی بەرچاو بە بەراورد بە پەیژەکانی تر زیاتر لە پێکهاتی ئاوازەکاندا بەدی دەکرێت کە لە ٢١ گۆرانیدا لەسەر ئەم پەیژانەیە، واتە بە ڕێژەی ٣١,٣٤%)
دووەم: (سێگاه) لە ١٦ گۆرانی بە ڕێژەی (٢٣,٨٨.%)
سێیەم: (نەهاوەند) لە ٧ گۆرانی بە ڕێژەی (١٠,٤٤.%)
چوارەم: (ڕاست) لە ٧ گۆرانی بە ڕێژەی (١٠,٤٤.%)
پێنجەم: (حجازکار) لە ٣ گۆرانی بە ڕێژەی (٤,٤٧.%)

شەشەم: (عەجەم) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨.%)
حەوتەم: (دەشت) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨.%)
هەشتەم: (هوزام) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨.%)
نۆیەم: (نەوا) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨.%)
دەیەم: (نەوا) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨.%)
یانزەیەم: (نەوا خاناباد) لە ١ گۆرانی بە ڕێژەی (١,٤٩.%)
دوانزەیەم: (لامی) لە ١ گۆرانی بە ڕێژەی (١,٤٩%)
سیانزەیەم: (خورشیدی) لە ١ گۆرانی بە ڕێژەی (١,٤٩%)
ئەم ئاکامە ئەوەمان پێدەڵێت کە حەسەن زیرەک لە ٦٧ گۆرانی مەجلیسدا سیانزە مەقامی بەکارهێناوە ئەمەش واتە ڕەنگاڵەیو هەمە چەشنی گۆرانییەکان.

**پ٦/ چەندە شارەزای مەقامە کوردییەکان بووە؟ زیاترکام مەقامی کوردیی ناسیوە و گوتوویەتەوە؟ ئایا ئەو مەقاماتە کوردییە لە ناو مەقام یا دەزگاکانی مۆسیقای عوسمانی و ئێرانیدا دەگونجێن یا لەوان جیاوازن؟**
و: عادل محەمەد کەریم:
حەسەن زیرەک مۆرکی دەنگی خۆیەتی وبەس لە کەسی تر ناچێت بۆیە هەمومان دەبێت شانازی بە بونی ئەم سامانە نەتەوەییە کلتورییە بێ خەوشە بکەین کە هەر میلۆدیو گۆرانییەکی دەورو بەریشی وەرگرتبێت ئەم بە زانایی خۆی هەوڵی داوە بە ستایلی خۆی و بۆن و بەرامی خۆی دایڕێژێتەوە تەنانەت گوێگری بەرامبەریش کە گۆرانیەکەی لێ وەرگرتووە وای لێکردووە کە میلۆدی گۆرانییەکە نەناسێتەوە.دیارە ستایلێس یان مۆرک بریتییە لە رۆشنبیری وەرگیراو لەگەل بلیمەتی وبەهرەی تاک حەسەن زیرەک بۆ بلیمەتی و بەهرەمەندی لە لوتکەدا بووە. بۆ رۆشنبیریش ئەو گەڕیدەیەکی ماندونەناسی سروشتی گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بووە ئەو لەرێی چاوەکانییەوە دیمەنی سروشتی کوردستانی وەرگرتووەو لە بینینەوە گۆریویەتی بۆ دەنگو سەدا. سروشت و دابو نەریتی ژیانی کوردەواری بۆ کردوین بەدەنگ و داویەتی بە گوێماندا. من پێم وایە مەقام و پەیژەکان موڵکی ئەوگەلانەن کە هونەرمەندانی بلیمەتیان بە مۆرکی نەتەوەکانیان دەیچرن واتە دەنگو سەدای حەسەن زیرەک، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و عەلی مەردان و جەزراوی و مامە سێوە و ناسری رەزازی وتیپی موسیقای سلێمانی و ..ئەوانی تر بێ چەندو چون کارە نایابەکانیان موڵکی نەتەوەکەمانن و سامانی نەتەوەی کوردن.

**پ٨/ لە ماوەی گۆرانی گوتنەکانیدا، چەندە لەسەر مەقامە مۆسیقاییەکە پێداگر بووە و پاراستوویەتی و چەندە لێی لاداوە و بە لاڕێدا ڕۆیشتووە؟**
و: عادل محەمەد کەریم:
حەسەن زیرەک داهێنەرو بلیمەت بووە لادانەکانی داهێنەرانەبوون و زادەی بلیمەتی و لێهاتویی و توانای دەنگە پڕ هەستەکەی بووە و حەسەن بەردەوام لە بیرکردنەوەدا بووەلەگەڵ خودی خۆی و گۆرانیو دەنگو سەدای هەمیشە خستۆتە خزمەت ئەو بیرۆکانەی کە لەرێی دەنگەوە گوزارشتی لێکردوون. من پێم وایە بۆ ئەوەی بە دروستی وزانستیانە لە حەسەن زیرەک بگەین، دەبێت لێکۆڵینەوەی وردو درشت و لێکدانەوەی سایکۆلۆجی وسایکوسۆسیۆلۆجی لەسەر ژیانی بکرێن وکەسانی پسپۆری ئەو بوارانە بەهەم ئاهەنگی لەگەڵ کەسانی پسپۆری بواری موزیک کار لەسەرژیان و بەرهەمەکانی حەسەن بکەن.ئینجا بە دروستی دەگەینە لەیەنە نهێنی و پەنهانەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنەبێ وێنەیە.کە من بە شکۆی ڕۆشنبیری موزیک و گۆرانی نەتەوەکەمی دەزانم.

**پ٩/ چەندە شیعری گۆرانییەکانی کردۆتە قوربانیی پاراستنی مەقامە مۆسیقاییەکە یا پێچەوانەکەی؟**

و: عادل محەمەد کەریم:
بلیمەتییەکی تری حەسەن لەوەدا بوو کە توانای لەبەرکردنی هۆنراوەی زۆر بووە و وەك بەهرەیەك ئەوەی تیادا بووە. کەسێك تەنها جارێك هۆنراوەیەکی بۆ خوێندبێتەوە و بە دڵ گوێی گرتبێت، ڕاستەوخۆ هۆنراوەکەی لەبەر کردووە، بۆیە هۆنراوەی زۆرێك لە شاعیرانی کردووەتە گۆرانی. ئەگەر سەیری ئاوازەکانی بکەین، دەبینین لە خۆوە ئاوازی بۆ وشەی هۆنراوەکان دانەناوە، بەڵکو بەوپەڕی سەلیقەوە ئاوازی بە بەرگی هۆنراوەکان بڕیوە. سەیری گۆرانیی (باوانەکەی بابم) بکە، زۆر بە ڕوونی لەم گۆرانییە شادەیدا هەست بە کەشوهەوای بەهاری سەوز و جوانیی کوردستان و سەیرانکردن دەکەیت. کە وشەکانی ببیستیت، باس لە بەهار و جوانیی ئەم وەرزە دەکات لە کوردستان. هەست دەکەم زۆر جار لە پشتی گۆرانییەکانەوە باکگراوندێك یان چیرۆکێك هەیە، بۆیە هەست دەکەیت یەکانگیرییەك لە نێوان دەق و ئاوازەکاندا هەیە و بێسەروبەرە نین؛ بۆ نموونە سەرگوزشتەیەك لەسەر گۆرانیی (سەبری دەڵێ من شوو ناکەم) هەیە: کاتی خۆی لە سلێمانی سەبری ناوێك هەبووە، هەتا بڵێی جوان و قەشەنگ بووە. کاری (سستەر، برینپێچ) بووە. حەسەن زیرەك کە چاوی پێی دەکەوێت، بە هۆی چەند کەسێکەوە لە ژیانی دەکۆڵێتەوە و بۆی دەردەکەوێت کە ئەم سەبرییە بڕیاری داوە شوو نەکات، تەنها برایەکی هەیە سوێندی بە سەری ئەو تاقە برایەی خواردووە.زیرەکیش ئەم گۆرانییەی بەسەردا هەڵئەدا کە یەکێك لە کۆپلەکانی دەڵێت: سەبری ئەڵێ من شوو ناکەم بە سەری تاقە براکەم.
بیریشمان نەچێت حەسەن زیرەک شاعیریش بووە ئیلهامی شیعریشی زۆر بەهێز بووەو لە وێنا کردندا زۆر بەهیز بووە.

**پ١٠/ بە گشتی، لایەنی مۆسیقایی کارەکانی زیرەک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**
و: عادل محەمەد کەریم:
موزیکی کارەکانی زۆرێکیان باش نین ،بەڵام ئەوانەی لە تاران و ئێران بۆی کراون زوربەیان ئاستێکی باشیان هەیەو سەرنجراکێشن لەهەندێکیاندا سۆلۆی زۆر نایاب دەبیستن کەمایەی شانازین. ئەوانەی عێراق بە کارەکانی رادیۆی بەغدادیشەوە زوربەی موزیکەکان تەنها میلۆدی بنەڕەتی گۆرانییەکانن ،لە دانیشتنەکانی شاری سلێمانیش دوان سیانێک لە دانیشتنەکان موزیکیان زۆر ڕێکو پێکە و هەست دەکریت تا ڕادەیەک ئامادەیی بۆ کراوە لەوانە ماڵی مەلای پاقلاوە و کاسیتی ماڵی مەحمودی تۆفیق شلک.

ژمارەی بەرهەمو گۆرانییەکانی:
-*تا ئێستا ئامارێکی دروست لەسەر ژمارەی تەواوی بەرهەمەکانی حەسەن زیرەك نییە کە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن لە ١٥٠٠ گۆرانی زیاترە. میدیای زەندی دەڵێ: "جارێکیان شوکرەڵای بابان وتبووی ئێمە نزیکەی ١٥٠٠ گۆرانیمان بە دەنگی حەسەن زیرەك هەیە. ئیتر بەرهەمی ئەومان ناوێ. هەندێك لە گۆرانییەکان دووبارەن. ڕەنگە زۆرێکیشیان تۆمار نەکرابن، یاخود ڕەنگە تۆماریش کرابن و تا هەنووکە بڵاو نەبوونەتەوە و دیار نین. بەڵام ئەوەی کە هەیە و تۆمار کراون، بەپێی کتێبی ناڵەشکێنەی قادری نەسیری نیا بەم شێوەیە:
یەکەم: لە میانەی مانەوەی لە بەغدادی پایتەخت و کارکردنی لە ئێستگەی کوردیی بەغداد زیاتر لە ٧٥ گۆرانی تۆمار کردووە.
دووەم: لە ڕادیۆی تاران ئەوەی لە بەردەستدایە، ٣٩ گۆرانی بۆ تۆمار کراوە.
سێیەم: لە ڕادیۆی کرماشان ٨٤ گۆرانییان بۆ تۆمار کردووە کە هەریەکەیان شاکارن بۆ خەرمانی پڕ بەرەکەتی هونەری گۆرانیی کوردیمان.
بەرهەمی دانیشتنی ماڵانی حەسەن زیرەك کە بە مەجلیسی ناوزەند دەکرێت، ئەوەی تۆمار کراوە، ٢١٢ بەرهەمە کە زیاتر لە شاری سلێمانییە و هەندێکی کەمیان لە شارەکانی هەولێر و کەرکوك و بانە و بۆکان و

بەغدا و شارەکانی دی تۆمار کراون. لە بواری وتنی مەقامیشدا کە زۆربەیانی لەگەڵ بەستەی گۆرانییەکاندا، چڕیوە نزیکەی ٦٠ مەقامێکن.

مانگی ٦ ی ٢٠٢١

* ئەم وتووێژە بە بۆنەی سەد ساڵەی حەسەن زیرەک، لە لایەن ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/بۆکان-وە ئەنجام دراوە.